www.kurdistannet.org
13-10-2006 8:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەدی جۆرەکانی تری سیخوڕ؟ * ... ئاسۆعەبدوللەتیف



نەزانین و گەوجییە ئەگەر جارێکی دیکە دەسەڵاتی کوردی لەو سیخورانەی بەعس خۆش بێت! بەخوێندنەوەیەکی مەعریفیانە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە شەری ناوخۆ بەدەرەجەی یەکەم سیخورەکان هەڵیانگیرساند، ئەوان کە ئەوەندە پۆستی حەساسیان هەبوێ و حکومەتی ناو حکومەت و مەکتەب سیاسی ناو مەکتەب سیاسی بن و ئێستاش دادگایی نەکرێن و سەنگی خۆیان هەبێ بێگومان دەتوانن شەرەفی سیاسی و قودسیەتی نەتەوایەتی کورد بفرۆشن ئەگەرچی بەشێکیان فرۆشت، سیخوڕەکانی کورد بەدەستی ماکینەی دەزگاکانی بەعسەوە هیچ نەبوو جگە لەو کەلێنەی کە وەختی خۆی بەهۆی فاکتەرەکانی ئینشیقاق و دروست بوونی شەری کوردکوژەوەو لاوازی کەوادیری حیزبیەوە دزەی کردە ناو شۆرش و تا راپەرین و پاش پرۆسەی ئازادی بە دەمارێکی خوێنین درێژ بوەوە، دیارە دوای راپەرینیش ئەوەندەی دیکە شەری ناوخۆ دەرفەتی بۆ ئەم سیخورانە خۆشکرد، بەعس بە نەریتی سنعەتیانەی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی سیخوڕ لەناو کایە سیاسیەکانی کوردەواریدا شۆرشی هەرەس پێهێنابوو بەبێ ئەوەی کە بە خۆمان بزانین، ئاخر ئەو فایلانەی ئێستاو ئەوانەی پێش راپەرینیش کولتورێکن دانەبراوە لە کەلەپوری شۆرش و ناکرێ ئەو رابردووە تەڵاق بدرێ بەڵکو ئەبێ چارەسەر بکرێ بە سزا، ئایا ئێمەیەکی کورد کە بەدرێژایی نیوسەدە لە بەرەی دوژمنایەتی و خوێنرشتن و رقی سیستماتیزەکراودا بووین لەگەڵ بەعسی عیراقی و سەدامدا کەچی بەو ئاسانیە لەناو ئێمەدا هەزاران سیخوڕی بەرهەمهێناوە و دروستکردوە کە مرۆڤ شەرم ئەکات ناوی هەندێکیان ئەبیستێ و مەلەفەکانیان ئەبینێ ئەی ئەبێت دەوڵەتانی دراوسێمان کە جێ کەپرو جێ پشووی پێشمەرگەکانمان بوون و وەك ماری ژێر کایەن وا بوون لەگەڵماندا وەکو تورك و فارس و عەرەبی سوری و ئوردنی و لە نوێترین داوی موخابەراتی و عەسکەریشیاندا دەرکەوت کەلە بیری داگیرکردنی هەرێمی کوردستانداندان، ئەبێ چۆن زەنگیانەی پیشەسازی سیخوڕو لیرەی رەشادیان خستبێتە نێو دەغیلەی نهێنی کورە بەناو شۆرشگێرە پارە خۆشەویستەکانمانەوە؟

ئەبێ چەند جاری ئەو رێژەیەی بەعس سیخوری میت و ئیتڵاعات و موخابەراتی سوری و ئوردنیان چاندبێ لە ناوماندا و کەس پێی نەزانێ و تا ئێستاش درێژەی هەبێت و ئێسك و دەمارو رۆحمان بخۆن و بپوکێننەوە؟ ئەی ئەبێ ئەم فایلانە چۆن کەشف بن و کێ کەشفیان بکات؟ ئەوە هەر باسی سیخورگەری وولاتە ئەوروپی و نێودەوڵەتیەکان ناکەم کە هێز نییە بتوانێ کەشفیان بکات؟ میللەتێ ئاوا لە ئایندەی بروانێ و بۆ پول و دۆلارێ نیشتیمانی خۆی بفرۆشێ بێگومان نەك نابێتە دەوڵەت بەڵکو ئەبێتە ڤایرۆس بۆ هاککردنی هەموو کایەکانی ژیان و راوەستانی عەقڵ، بۆیە ئەنجامنەدان و وسیستی نواندن بەرانبەر بە دادگاییکردنی ئەو خاوەن فایل و سەرچاوانەی بەعس و ئەو سیخورانە جگە لە شەرعیەتدان بە جۆرەکانی دیکەی سیخوڕو بەرهەمهێنانی کارگەکانی سیخوڕ، هیچی تر نیەو باشتر وایە کیانێکی سیاسی لە سیخوڕ دروست بکەین و ناوی بنێین دەوڵەت و ئاڵای کوردیشی بەسەردا هەڵبکەین؟!

* لە ژمارە 40 ی هەفتەنامەی ئاوێنە2006/10/10 لە گۆشەی ئاوێنەی ڕووداوەکان لەلاپەرە 3 دا بڵاو بۆتەوە.